# بەشێک لە -حیکایەتی- کورەدارینە*،

# یان (سرووودەکانی منالّی)



ئاوات حەسەن ئەمین

هاتنی شەو..
مۆتەکەیەو
بەرۆکی ڕۆژگارم ئەگرێ
یادگاریش..
وەک ئەو بەردەی
فڕێ ئەدرێتە ناو - حەوزێکی مەنگ-
بازنە، بازنە.. دروست ئەکاو
بۆ کەناری.. پڕ ئەفسونی کاغەز
شەپۆل ئەدا.
حیکایەتێک.. لەسەر بووردەی
کورە دارینە ئەچێ
تەونی ڕووداوی ئەچینێ و
منیش ئەبمە.. تاکە پاڵەوانی داستانی

* * *

ئەوسا من... ناسکتر بووم لە گوڵە چوالەیەک و
بچوکتر بووم لەزەڕنەقوتەی ناوهێلانە،
کومەڵێک کتێبم لە بن هەنگڵ ئەناو
بە خێرایی..
بەرەو پۆلی خوێندن ئەچووم
ئەوسا... منی منالّ
جیهانم ئالو والا ئەبینی
ئەندێشەم لە ئاسۆدا مەلەی ئەکرد
سواری ئەسپی خەون ئەبووم و
ئەفڕینم، ئەفڕینم...

جارێک ئەبوومە چۆلەکە و
لە پەنجەرەی پۆلەکە دەرئەچووم و
لەسەر چڵی دارتوییەکی
ناو حەوشەکەی
قوتابخانە
هەڵئەتوتام.
جارێکی تر... ئەبوومە شەکەرۆکەو **
لەبەر چاوی منداڵانی پۆلەکەی خۆم، بە خێرایی
دووقەڵەمبازم ئەداو
دووجار..
بە دەووری خۆما ئەسوڕامەوە
ئەوسا ئیتر.. ئەبوومە جێ سەرنجیان و
بەیەکەو.. چەپڵە ڕێزیان ئەکردم..
کاتێکیش.. زەنگ لێیئەدا
لە سوچێکی گۆڕەپانەکەی مەکتەبا
بە (٥) فلس..
پاروە قاورمەیەکم ئەکڕی و
نیەتی شفتەم لێ ئەهێناو
بە قومێک ئاوی ناو لەپمەوە
وەکو ساردی
نۆشم ئەکرد.
کەسەعات ئەبوو بە (١٢)ی تەواو
لە مەکتەب بەرئەبووم و
بەرەو ماڵەوە ئەڕۆیشتم،
عەرەبانە دەستیەکەم پاڵئەناو
لە حەوشەکە ئەهاتمەدەر
تا ناوبازاڕ.. هاوارم ئەکرد:
(شامپۆی جوان)
ئەوسا ئیتر.. چارەنوسی ئەو ڕۆژگارەم
(١) دیناری پێئەدام و
دوای ماندووبونێکی تەواو
ئەبوومە سەرمایەدار
ئەبوومە خاوەنی یەک دینار!
بەو دینارە.. پاسکیلێک و
بەو دینارە.. یارییەکی منداڵانەو
بەو دینارە.. مشتێ نوقڵ و
کۆلارەیەک و
سەیارەیەک و
تفەنگێک و... هتد
لە خەیاڵی خۆما پێئەکڕی
کاتێ ئەهاتمە ماڵەوە
دەستم ئەکرد بە گیرفانی شەڕواڵەکەما
دینارەکەم لێ کەوتووە!
(تێر.. تێر.. ئەگریام)!
* * *
ڕۆژێکی تر..
ئەچوومەوە ناو بازاڕ و
پاکەتێک - یانسیم - ئەکڕی
ئەوسا ئیتر.. پڕ بە گەرووم
هاوارم ئەکرد:
(شامپیۆن، جولیان و جیما، هەرقل - دەرئەچێ) ***
دانە دانە لێم ئەفرۆشت و
تا تەواو ئەبوو
گیانم دەرئەچوو..!
دوای بوومە خاوەنی (٥٠٠) فلس
ئەمجارەیان..
پارەکەم زۆر بە توندی لەناو مستم ئەنا
وورده وورده بەرە ماڵ ئەبوومەوە و
لە خەیاڵما.. کلاوێکم پێئەکڕی.
لە خەیاڵما. پان فلوتێ.
لە خەیاڵما.. دەمانچەیەکی تەرەقە
... ڕەبابەیەک
... دەبابەیەک
یان عەرەبانەیەکی تەلم

لە ئەنوەری دراوسێمان پێئەکڕی.
وەلێ کاتێ گەیشتمەوە بەرماڵەوە
لەو خەوە خەبەرم بووە.. کە لە دوێنێ وەلێم کەوتبوو
لەو کاتەوەی دینارەکەم لێ کەوتبوو...!
شەو..
باوەشی پیشووە.
شەو.. شنە بایەکی فێنکەو
پەڕەی یادگاریم هەڵئەداتەوە
ئەمجارەیان حیکایەتی کوڕە تاقانەم پێئەنوسێ:
من ئەبمە ئەو کوڕەو..
بەیانیەک.. لەگەڵ دەستی داپیرەدا
پەلم ئەگرێ و ئەمباتە ناو
گوزەری کورتان درووەکان

لەوێ لەلای (پینەچیەک) ئەمکاتە شاگرد..!
(ئەم دیمەنەم بە دڵنیە، زوو لە دەستی ڕزگار ئەبم)
ناچمەوە..!!
وەستای پینەچی دێت.. تکای دینامان تیا ئەکا
منی مناڵ ناچمەوە،
لە ناخی خۆما ئەزانم بۆچی ناچم
قسەی ژنەدراو سێیەک
ئەم هەژێنێ، کە پێی ووتم:
(گوی پینەچی، بەدەموولچی) ****
ئیتر منیش خۆم تەوەڵلا کرد لەو کارە و
جارێکی تر توقی نەکەوتمەوە

پەراوێز:

* حیکایەتی کورەدارینە، بەسەرهاتی ئەو منداڵەیە لە دار دروستکراوە و گیانی بە بەرداکراوە تا دڵی کەسوکارەکەی پێخۆشبێت، بەڵام ساردی و گەرمی ژیان زۆر کاری تێدەکات و هەرزوو هەست بەوە دەکات ئەم مرۆڤێکی جیایە و بێتوانایە.
** شەکرۆکە: مهرج.
*** (شامپیۆن، جولیانوجیما، هەرقل) ئەمانە وێنەکانیان لەسەر رەسم دەنەخشێنرا بە مەبەستی سەرنجی مندالان ڕاکێشی و یانسیبەکە زۆرتر و زورتر بفرۆشرێت.
**** گورانیەکی فۆلکلۆری یە.